www.kurdistannet.org
10-4-2003 1:11

# عێراق، وڵاتی تاوان و تاڵان

کاوە ئەمین



سەرسەخت ترین دیکتاتۆری ئەم سەردەمەی دنیا (سەددام حسێن) خەریکە دەبێت بە بەشێک لە مێژوو. مێژوویەک کە دەبێت مرۆڤایەتی تا ماوە نەفرەتی لێ بکات. ڕەنگە دواجار نەبێت کە لە شاشەی (تی ڤی) یەکانەوە ببینین کە هەیکەلی دیکتاتۆرەکان بەسەر جادەکاندا ڕابکێشرێن. تەنها لە ماوەی ئەم بیست ساڵەی دوایدا چەندین دیکتاتۆر پەتیان کرایە مل، سەیر ئەوەیە کە هیچکام لەوانە دەرس لەوەی پێش خۆی وەرناگرێت. سەددام یەکێک بوو لەوانەی کە زۆر لەژێر کاریگەری حوکمڕانی ستالین و شێوەی دەسەڵات و تەنانەت هەیکەل و وێنەکانی کە لە هەموو گۆرەپان و شەقام و مەکتەب و کەناری دەریا و نازانم کوێ و کوێ دانابوون لە ستالینەوە فێر بوو بوو. تەنها جیاوزیەک لە نێوان ستالین و سەددامدا هەبوو بێت ئەوەیە کە ستالین بە ماوەیەکی زۆر دوای مردنی بەشێکی زۆر لە هەیکەلەکانی ڕوخێنرا، بەڵام سەددام بەچاو و گوێی خۆی دەبینێ و دەبیستێ کە چۆن بۆتە گاڵتەجاری خەڵک نەک لە عێراق و کوردستان بەڵکو لە سەرتاسەری جیهاندا. کوشتنی سەددام و هاورێکانی کە ژمارەیان لە سەدان و هەزاران دەدات، بەکەڵکی هیچ نایەت و ڕەنگە تەنها ماوەیەکی کەم خەڵک دڵخۆشی خۆیان دەرببڕن و وەکو چۆن بۆ چاوسیکۆ و ستالین و دیکتاتۆرەکانی تر کرا، مەگەر لە ناوەندی لێکۆڵینەوە و ئەکادیمیەکاندا ناویان ببرێت و باسی بەربەریەتیان بکرێت، ئەمە جگە لەوەی کە سەدان تاوانباری ئەسڵی لە سێبەری نەمانی ئەواندا خۆیان بزر دەکەن و ڕەنگە بە دەموچاوێکی ترەوە خۆیان لە ناوەندی دەسەڵاتی سیاسی و سوپاییدا ببینەوە. بۆیە دەبێت خەڵک داوای ئەوە بکات کە تاوانباران دادگایی بکرێن، ئەویش نەک لە لاهای بەڵکو لە عێراق و کوردستان. زۆربەی خەڵکی کورد دەتوانن لەو مەحکەمەیەدا شایەتی بدەن.

ڕژێمە یەک لەدوایەکەکانی عێراق لەسەر خوێنی خەڵک و تاڵانی بنیات نراون و دەدرێن، هەر بۆیە ئەو کلتووری تاڵانکرنە خەڵکی ئاسایشی گرتۆتەوە، ئەوەتا دەبینین کە چۆن هەموو شتێک تاڵان دەکرێت و دەبردرێت. ڕەنگە لە ناوچاوانی عێراق نوسرابێت کە دەبێت لەلایەن دز و جەردە و دیکتاتۆرەوە بەڕێوە ببرێت، ئەوە نیە دەڵێن کەسێکی وەکو ئەحمەد چەلەبی کە بە پارەخۆر و دز خەریکە ناوبانگ دەردەکات دەبێتە سەرۆک وەزیرانی داهاتووی عێراق.




ئێستا کە عێراق وەکو کیانێکی سیاسی هەموو سەروەریەکی لە دەست خۆی داوە، بە تایبەتی کاتێک ئەو ولاتە لە لەیەن کۆنە جەنڕالێکی ئەمریکاییەوە حوکومڕانی بکرێت، ئەگەر بۆ ماوەیەکی کاتیش بێت. بۆیە چاکترین هەلە کە کورد ئەو پێستی عێراقیە درۆزنانەیە لە خۆی داماڵێ و ئینتیمایەکی کوردستانیانە نیشان بدات نەک عێراقیانە. کاردانەوەیەکی لەوجۆرە دەکرێت ببێتە هۆی وروژاندنی فاشیزمی تورکی بەتایبەتی، بەلام کاتێک باشووری کوردستان داوای فیدرالی دەکات، دەبێت هەموو شتێکی ئەو ولاتە مۆرکێکی کوردانەشی پێوە بێت نەک تەنها عەرەبی بێت. ئەو پێشنیارەی کە کوردستان نێت خستویەتیە بەردەمی دەسەلاتدارانی کورد کە پارەی عێراقی بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی لەسەری بنووسرێت، دەکرێت شتی تریشی پێوە زیادبکرێت. بۆ نموونە، کاتێک پاسپۆرتی داهاتووی هاولاتیانی عێراق دەستنیشان دەکرێت، دەکرێت لەپاڵ ئینگلیزی و عەرەبی بە کوردیش لەسەری بنووسرێت، ئالای عێراق دەبێت سیمبولی کوردی لە خۆیی بگرێت و گۆرانکاری بەسەردا بێت هەروەک چۆن لە باشووری ئەفریقا کرا، چوونکە ئەو ئالایەی ئێستای عێراق بووەتە سیمبولی تاوانکاری و پێ ناچێت هیچ کوردێکی نیشتیمان پەروەر ڕازی بێت ئەو ئالایە بە ئالای هاولاتی بوونی خۆی بزانێت، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە دەبێت بۆ باشووری کوردستان ئالای تایبەتی خۆی کە ئالای کوردستانە بەرەسمی بناسێنرێت. زۆر گرنگە لەم کاتەدا ئالای کوردستان جێگای ئالای پارتە سیاسیەکانی کوردستان بگرێتەوە، ئەگەرچی هەر پارتە مافی ڕاوای خۆیەتی کە سیمبولی پارتەکەی بەکاربهێنێت. کاتێک سەربازانی ئەمریکایی لەگەڵ پێشمەرگەی کوردا لە بەرەیەکدا، دەبوو لە جیاتی ئالای پارتەکان ئالای کوردستان لە سەنگەرەکاندا هەڵبکرایە.

پرۆفیسۆری نەرویجی ئۆیڤیند ئۆستیرود دەڵێت: "کاتێک ناسنامەی نەتەوەیی خۆی بەرجەستە دەکات ئەوا سیمبولە نەتەوەیەکانی وەکو ئالا، ڕۆژانی پشوو (وەک نەورۆز) ، گۆرانیە میللیەکان، دەموچاوی پالەوانە مێژوویەکان و هونەر، دەنگدانەوەیەکی پۆزەتیڤیان دەبێت لە لای بەشێکی زۆری خەڵکەکە". سیمبولەکان لەوانە ئالا لە دروستکردنی نەتەوەدا ڕۆلی گرنگ دەبینێت، لە خۆڕا نییە کە دەڵێن بەشێک لە ناسیۆنالیزم شەڕی سیمبولەکانە.

www.kurdistannet.org